

شێرزاد حەسەن

# لە منداڵیدا بۆنی برسێتیم کرد ، چونکە هەمیشە وەك لە گوڵی ڕەشدا باسی دەکەم هەرچییەکم دەویست پێیان دەوتم نییە ، بۆیە من زۆر زوو بە نییە ئاشنا بووم

**لە تەمەنی شەش ساڵیمدا باوکم بردمی بۆلای تەنەکەچییەک و کردمی بەشاگرد ، وتی بۆ ئەوەی سەرسەری نەبی و لەناو کۆڵانا نەسوڕێتەوە ، من لە شەش ساڵییەوە تا زانکۆم تەواو کرد شاگرد بووم .**

بەشی یەکەم


گفتوگۆی مەریوان هەڵەبجەیی

**● شێرزاد حەسەن کەسایەتییەکی ناسراوە لە کۆمەڵگای کوردیدا و پێویست بە ناساندن ناکات، هێندە بەسە بە فلاش باگێك بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان و نەوەیەك ببینین کە ساتەکانیان لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو (( تەنیایی و گوڵی ڕەش ))دا بردۆتە سەر. ئەو هەر لەسەرەتاوە بە نەریت شکێنی و تابۆ شکێنی هاتە مەیدانەوە و گومان و پرسیاری نەوەیەکی خستە ڕوو، نەوەیەکی بێبەش لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان. ئەو چیرۆکی کوردی بردە قۆناغێکی تازەوە و سێبەری زاڵی ئەدەبی بەرگری خستە پەراوێزەوە و جیهانبینییەکی ڕەخنەگرانەی هەڵبژارد ، تاوەکو ئەمڕۆش بە هەمان جیهانبینییەوە کاردەکات. گفتوگۆکردن لەگەڵ شێرزاد حەسەن دا کارێکی سادە نییە، پیاوێك کە هەمیشە قسەی خۆی هەیە و بەردەوام بەدەر لە ئەدەبیات وەك ڕۆشنبیرێك لەسەر پەروەردە، ژنان، لاوان و پەیوەندی جەماوەر بە دەسەڵات و سیاسەتەوە دواوە و توانیوێتی تێبینی خۆی هەبێت. لە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ و تایبەتدا کە قسەمان لەسەر چەندین تەوەری جیاواز کردووە ، ئەم نوسەر و ڕۆشنبیرە پڕکارەمان هێناوەتە دوان کە لێرەدا بەشێکی زۆر کورتی کە دەربارەی مناڵیی نووسەرە دەخەینە بەردەستی خوێنەران.**

لڤین : تا ئێستا لە هیچ کتێبێکدا ساڵی لە دایکبوونت تۆمار نەکراوە و خۆشت ئاماژەت پێنەکردووە، دەکرێ بزانین لەدایکبووی چ ساڵێکیت ؟ ئایا هۆکاری نەبوونی ئەو تۆمارە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

شێرزاد حەسەن: من بۆم ساغ نەبۆتەوە، ئەمە لە بەینی باوکم و دایکمدا ماوەتەوە، تۆماری ساڵەکەش نازانم، یەکێکیان دەڵێت (1951) و یەکێکیان دەڵێت (1952). نوکتەکەش لێرەدایە، دایکم دەڵێت جوولەکە لە هەولێر مابوو، باوکم دەڵێت جوولەکە ڕۆیشتبوو، واتە دەبێ بگەڕێمەوە لای جوولەکەکان تا بزانم کەی هەولێریان بەجێهێشتووە و لەچ ساڵێکدا بووە بۆ ئەوەی تێبگەم کەی لەدایکبووم.

دەبێ بزانم دواین جوولەکە کەی ڕۆیشتووە، ئیتر ئەمەش لەبەرئەوەی لەو ڕۆژگارەدا تۆمار نەبووە. من لە هەولێر لەدایکبووم. پێنج ساڵ لە هەولێر بووم، دوای ئەوەی باوکم بوو بە پۆلیسی سواری ، گوێزرامانەوە بۆ ڕەواندوز، من لە یەکی سەرەتایی تاوەکو پۆلی سێیەمم لە قوتابخانەی ڕەواندوز خوێند و دوای سێ ساڵ گەڕاینەوە ئەوێ، ئیتر ئەو ساڵانەی دوای گەڕانەوەمان هەتا چوومە زانکۆ هەر لە هەولێر ژیام. دیارە لە دوو گەڕەکی زۆر میللی کە کۆی دانیشتوانەکەی هەژارنشین بوون و پێیاندەوترێت (( گڵکەند و کوران )) .. گڵکەند شوێنێك بوو ، چاڵاوێك بوو، یاخود



فۆتۆ : یاسین عومەر

راستتر بڵێم زەلکاوێك بوو، زۆر لەوەی عەلی ئەشرەف دەروێشیان دەچێت، چیرۆکێکی هەیە بەناوی (( ئاب شوران )) ئەو شوێنەی کە لە ئاب شوراندا عەلی ئەشرەف دەروێشیان باسی دەکات زۆرلەو گەڕەکەی ئێمە دەچێت. من خۆشم چیرۆکێکم هەیە بەناوی (( زەلکاو )) کە کەم و زۆر پەیوەندی هەیە بەو رۆژگار و زەمانەوە، ئەو شوێنە تەنها ئەو کەسانەی لێ دائەنیشت کە پارچەیەك زەوییان نەبوو، مەشاع بوو ــ واتە بۆ هەموو کەس بوو ــ ئێمە لە گڵکەند بووین و دوایی چووینە کوران لەبەرئەوەی ئەوێ لەسەردەمی شۆڕشی عبدالکریم قاسم دا تێکدرا و لەبیرمە کە کردیان بە پارکێك لەساڵی 1958 دا.

**لڤین : پێش ئەوەی هەولێر بەجێ بێڵن ئەو چوارپێنج ساڵەی یەکەم لە چ گەڕەکێک بوون و چ یادەوەرییەکی ئەو سەردەمەت لە بیرماوە ؟**

شێرزاد حەسەن : هیچم لەبیر نەماوە، ئێمە لە گەڕەکێك بووین خانەقایان پێدەوت، ئەو سەردەمە خەڵکی هەولێر خەڵکێکی زۆر سادەو ساکار بوون و زۆربەشیان لە ڕەگ و ریشەوە ئەگەڕانەوە بۆ ڕەگ و ریشەیەکی فەللاحی، کەسی وای تیانەبوو سەنعەتکار بێت، بڕوام وایە ئەو سەردەمە هەموویان جوتیار یان شوانکارە بوون یان خەڵکی خزمەتگوزاری سادەی ناو بازاڕ بوون، ئەو رۆژگارە تورکمانەکانی هەولێر دەسەلآتداری یەکەم بوون و دەکرێت بڵێم ئەوان بە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی هەولێر سەرمایەدار بوون. ئەوانی تر پرۆلیتار بوون. دیارە من هیچی وام بیرنایەت، من هەرئەوەندەم بیردێت ئەو وێنەیەی کە لەپشتی گوڵی ڕەش دایە لە چوار ساڵییدا گیراوە، ئەگەر بگەڕێمەوە وەکو خەون، ئەو وێنەیە یەکەم شتە لە ژیانمدا کە لەو کاتەوە ماوەتەوە، ئەو وێنەیەم لەگەڵ پورێك و خوشکێکمدا بووکە گیرابوو لەبەر ئەوەی باوکم پۆلیسی سواری بوو ئێمە وەك قەرەج هەر رۆژە لە شوێنێك بووین، ئەوە یەکەم شتە کە بیرم بکەوێتەوە لە سەردەمی منالییم لەو ماوەیەدا، وە یەك دوو شەڕی بچکۆلەم بیرە لەگەڵ کچ و کوڕی گەڕەك، بیرم دێ چەند جارێك سەرم شکاوە، دیارە بەمنالی من تا ڕاددەی دەرد و بەلآ ترسنۆك و شەرمن بووم وەك هەمو جارێك دووبارەی دەکەمەوە، یەك شتیش کە بیرم بێتەوە لەو رۆژگارە ئەوەبوو، من منالی نۆبەرە بووم و ئەوەش بۆ خۆی کێشە بوو، هەست دەکەم لەو رۆژگارەدا بۆنی برسێتیم کردووە و بۆنی نەبوونیش، چونکە هەمیشە وەك لە گوڵی ڕەشدا باسی دەکەم هەرچییەکم دەویست پێیان دەوتم نییە، یەعنی من زۆر زوو بە نییە ئاشنا بووم.

**لڤین : هەر لەو چوار پێنج ساڵەدا بوو کە چووبوویتە ناو منالان بۆ یاریکردن، یەکێ لە منالەکان لێیدابوویت دوای گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە باوکیشت لێیدایت ؟**

شێرزاد حەسەن : بەڵێ ... ڕاستە، ئەمە لە ڕەواندوز بوو کە لەتەمەنی 5-6 ساڵیدا بووم، دیارە دەکرێت بڵێم من لەو منالە زۆر ترسنۆکانە بووم کە نەمدەوێرا شەڕ لەگەڵ هاورێکانم بکەم و هەر خۆشم زۆر دەترسام خوێن لە خەڵك بێنم، چونکە من شەڕێکی ترم بیرە، رۆژێك پورزایەکم نازانم نەعلێك یاخود قاپقاپێك بوو (( ئەوەی لە دار دروستکراوە )) هەڵمدا و بەر نێوچاوانی کەوت، خوێنم بینی لە تەوێڵی دەهاتە خوارەوە و ئەوە یەکەم جار بوو و زۆر ترسام، پورێکم هەبوو زۆر باشبوو لەگەڵمدا وتی ئافەرین کە توانیت سەری کوڕەکەم بریندار بکەیت، بەس من خۆم کە خوێنەکەم بینی خەریکبو ئەبورامەوە ، لە منالییەوە ترسێکی گەورەم هەیە لە خوێن، یەعنی بە بینینی خوێن دەترسێم و من چەند جارێك لێرەولەوێ باسم کردووە ئەگەر بە


هەر هۆیەك بێ قەت نەمویراوە چۆلەکەیەك، پشیلەیەك بکوژم، یان بۆ نمونە سەگی بەرەڵا، لەگەڕەکی ئێمە هەموو گەنجەکان سەگی بەرەڵایان هەبوو، من سەگێکم پێ ڕامنەکرا. زۆرجار شەڕی بچکۆلەم لەگەڵ هاوڕێکانم بووە لەبەرئەوەی سواری کەرێکی پشت زامداربووم، ئیدی من ترسنۆك و شەرمن و دوورەپەرێزبووم، ئەو شەڕە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من لەگەڵ منالێ شەڕم کرد و باوکیشم قامچییەکی پێ بوو دای بە منالەکە و منی پەلبەستکرد تا ئەو بە کەیفی خۆی تێمهەڵدا، ئیتر ئەمە وەك سزایەك وابوو بۆمن و وایلێکردم کە تا ئەبەد نەوێرم شەڕبکەم. من هەر ئەوەندەم بیردێ، دواتر زۆر دوور دەکەوتمەوە لە منالان لەبەرئەوەی دەترسام شەڕبکەم، ئەترسام لە دوای گەمەیەك یا لەناو گەمەیەکدا شەڕێ دروست ببێت وباوکم پێبزانێت و سزایەکی گەورەترم بدات، دایکیشم لەو شتانەدا سزای دەدام ، بۆیە لە ژیانمدا کەمترین شەڕم کردووە هەر بۆیە لە منالییەوە زۆر زوو دابڕام لە گەمە و گاڵتەی منالان و هەمیشە دەترسام تا بالق بووم، ئینجا وێرام بچمە ناو فتبۆلێن و ئەویش بەحەزەرێکی زۆرەوە، جاری وا هەبووە سەعاتێك ڕێم گۆڕیوە لەبەرئەوەی کۆمەڵە منالێکم لەسەر ڕێگا بینیوە ترساوم لەوەی شەڕم پێ بفرۆشن و زۆرجاریش حەزم کردووە بچمە سەر قەلا ، بەلام تا بووم بە پیاو نەمویرا بچمە ئەوێ، چونکە دەترسام منالە تورکمانەکان تێمهەڵدەن، جارێکیش چووم تییان هەڵدام. بەڕاستی ئەوەندە زلحیزبووم لەوە ئەچوو هەر کەسێ منی بینیبێ حەزیکردبێ خۆی تاقی بکاتەوە و بێت تێمهەڵدا.

**لڤین : بیرەوەری ناخۆشت زۆرە لەگەڵ باوکت ، ئەی هی خۆشت نەبووە لەگەڵیدا، چونکە لە هیچ جێگەیەکدا لەوبارەیەوە نەدواویت ؟**

شێرزاد حەسەن : هەرگیز بیرم نایەت. تاکە لەزەتێك لەگەڵ باوکم ئەوەبوو کە ئەچووینە حەمام و بەسۆزێکەوە پشت و لەشی ئەشۆریم، بەس ئازارێکی زۆری ئەدام، چونکە نەیدەهێشت پشتەمالەکە یان خاولییەکە ببەستم. لەتەمەنێکی زۆر منالییدا هەستمدەکرد نابێ بەڕووتی ببینرێم، نازانم کێ فێریکردبووم بەس ئەوەندەم بیرە زۆر ئەترسام بە ڕووتی ببینرێم، هەستمدەکرد ڕووتی حەرامە. وابزانم پەیوەندی هەبوو بەو ڕۆحە ئاینپەروەرییەی دایکمەوە و زۆر زوو مێشکی بە حەرام و حەلاڵ پڕکردم،بۆیە ئازاری زۆری ئەدام، باوکم دەیوت نابێت، تۆ پیاوی ئەبێت گەلۆگونت ڕووت بێت، منیش لەناوەوە زۆر دەگریام و دەمویست بچمە حەمامەکە و کەس بەڕووتی نەمبینێت، بەلام تاکە شتێك کەلەگەڵ باوکم چێژم لێ بینیبێت و هەستم دەکرد منی خۆشدەوێت ئەوکاتانەبوو کە سەری دەشۆریم یا پشتمی دەشۆری، تا گەیشتمە قۆناغێك کە خۆم بتوانم خۆم بشۆم و هەمیشە لەگەڵ ئەو ئەچوومە حەمامی پیاوان... یادەوەری ترم بیرە، لە ڕەواندوز ئەسپێکی هەبوو، ئەسپسوار بوو ، جاروبار ڕێی ئەدام ئەسپەکەی ئالیك بدەم نەك سواربم ، زۆر حەزم لە سواری ئەسپ بوو قەت نەیدەهێشت، جاروبار لە پشت ئەسپەکە لەدوای خۆیەوە سواری دەکردم .. دوای ئەوەش هاتینە هەولێر، لەهەولێریش پاسکیلی هەبوو و لەپشت پاسکیلەکەوە سواری دەکردم ، بەلام یەکەم جار دادگایم کرد لەسەر قومارکردن، باوکم قومارچییەکی سەیر بوو تا ڕادەی نەخۆشی، عاشقی قومار بوو و ئەیدۆڕان، بەردەوام مووچەکانی خۆی ئەدۆڕان، پارەکانی ئەدۆڕان، جارێك تەمەنم دوانزە سال بوو لە پشت پاسکیلەکەیەوە سواربووم وتم باوکە تۆ حەقت نییە پارە بدۆڕێنی ئێمە نانمان نییە، بیرمە هەر بەدەست تێی هەڵدام و لەسەر پاسکیلەکەوە کەوتمە سەر زەوی، من ئەو ڕۆژە نەچوومە مالەوە تا شەو بەدزییەوە ڕۆیشتمەوە. ئیتر بەردەوام بیرەوەری ناخۆشم هەیە، ئەو بیری لەوە نەدەکردەوە کە منالی هەیە، ئەڵێم قەت هەستمنەدەکرد کە باوکمە، زۆرجار کە جلی هەڵدەخست دەمویست بچم بۆنی بکەم بزانم بۆنی باوکم چۆنە، یەعنی دەمویست ئاشنای ئارەقەی جلەکانی بم بۆیە بە دزییەوە هەموو جارێك جلەکانیم بۆن دەکرد، دەمویست بزانم بۆنی باوك چییە. بیرەوەرییەکی تر ئەوەیە ڕۆژێك باوکم بە ئەسپێکەوە هات، جلوبەرگی زۆر کەشخە و جوانی پۆلیسی لەبەرکردبوو، بەردەوام پۆستاڵەکەی بۆیاخ کرابوو و منالان تێیان گەیاندم ئەوە باوکی منە، من نەمەدەزانی باوکم هەیە چونکە لەئێمە دووربوو بەهۆی کاری ئەسپسواری و پۆلیسییەوە، ئەو سەردەمە ڕاوانانی چەتە و عەشقیا زۆر بوو لە کوردستان و هەمیشەش لەو چیایانە بوو، من لەوێدا بەرەو پیری چووم بەلام ئەو لەقەیەکی لێدام و کەوتم، ئەمە یەکەمجار بوو کە من بەرەو پیری باوکم چووم تا وەکو منالەکانی تر لەباوەشم بکا کەچی بە پۆستاڵەکانی لەقەیەکی لێدام و کەوتمە سەر زەوی، من گومانم کرد کە ئەوە باوکم بێ تا چووە ژوورەوە و دایکم ساوەری بۆ هێنا، لە مالەکەماندا هێلانەی پەرەسێلکەیەك هەبوو و پەرەسێلکەکە دەیخوێند، من خەیالم لای ئەوە بوو و لە دوورەوە لەناو حەوشەکەدا سەیری باوکم ئەکرد کە نانی دەخوارد ئینجا هەستم کرد کە دەکرێ ئەوە باوکم بێ چونکە دایکم نانی ئەدایێ بەلام بۆنی غەریبیم لێ ئەکرد.

**لڤین : پێت وانییە ئەزموونی ئەم ژیانە ناخۆشە لە سەردەمی منالیتدا توانیویەتی ببێتە سوبژەیەکی بەردەوامی چیرۆکەکانت لە ئەمڕۆدا، هەربۆیە کاتێ کە بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن دەخوێنینەوە زۆرترین پانتایی لەسەردەمی منالی خۆتی تیا دەبینین و پێموایە سەرکەوتووترین چیرۆکەکانت ئەو چیرۆکانەن کە باسی منالی خۆت دەکەن ؟**

شێرزاد حەسەن : من کەمترین پانتایم لە منالی خۆم باسکردووە یا لە منالی هاوڕێکانم کە هەندێکیان وەکو من نەگبەت و زەبوون و هیلاك بوون، من منالی وەك خۆم نەدیوە، نالێم نەبووە بەلام نازانم بۆچی هەموو جار کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە هەستدەکەم لە هەموویان نەگبەتتر من بووم چونکە جۆرێك لە سۆز و پەیوەندی خۆشەویستی لە بەینی کوڕ و



باوكا هەر هەبووە، بەس ئەوەی كە نوسیوومە هیچ نییە لەچاو ئەو پانتایی ئازارەی كە لەو قۆناغەدا بوومە، بۆ نموونە لە تەمەنی شەش ساڵیمدا باوكم بردمی بۆ لای تەنەكەچییەك و كردمی بە شاگرد، وتی بۆ ئەوەی سەرسەری نەبیّ و لە كۆڵانان نەسوڕێتەوە. من لە شەش ساڵییەوە تاكو زانكۆم تەواوكرد شاگرد بووم، شاگردی لۆقەنتەچی لە چێشتخانە یا تەنەكەچی، قوركاری، ئاسنگەری، چلورەفرشتن و زۆر شتیتر. هەموو هاوینان هەر سیّ مانگەكەی كارم كردووە، لە یەكی سەرەتایی تاكو زانكۆم تەواو كردووە هەموو هاوینێك كارم كردووە، منالّی بە مانای خەڵك كە ناوی خۆشییە، هەرگیز نەمدیوە، جەژنان جلی نوێیان دەكرد بۆ منالاّن من دەبوایە هەفتەیەك دایكم بگریایە تا باوكم پێلاّوێك یان شەرواڵێكم بۆ بكریّ، هەمیشەش بیّ پارە و پول ئەچوومە دەریّ. تۆ باسی ئەوەت كرد كەی فێری خوێندنەوە بوویت وەكو وتم لە تەمەنی دوانزە ساڵی یەكەم جار ڕۆمانێكم خوێندەوە لە ماڵی پیاوێك كە دراوسێمان بوو ناوی مەلا هەمزە بوو، پیاوێكی ماركسی بوو ئەگەرچی مەلایەتی و خوێندنی ئاینیشی تەواو كردبوو، ناوی ڕۆمانەكەم لە بیرە ناوی (( الفریسة )) واتە (( نێچیر ))بوو، ڕۆمانێكی ئەمیل زۆلایە كە نوسەرێكی فەرەنسییە كە خاوەنی ( جێرمینالّە ) بەناوبانگە و باسی كرێكارانی كانەخەڵوزەكان دەكات كە بەچ نەگبەتییەك دەژین، یەكەم ڕۆمان كە خوێندمەوە ئەوەبوو، من لە بیّ گیرفانی و لە بیّ پارەوپولی و لە تەنهایی خۆمدا فێری خوێندنەوە بووم، دارستانێكی زۆر گەورە هەبوو لەنزیك گەڕەكی كوران، بیرمە هەتا لە جەژنیشا هەرچوار ڕۆژەكەی جەژن من كتێبم بردووەتە ئەویّ و خوێندومەتەوە چونكە جار هەبووە پارەی چوونە سینەمام نەبوو، پارەی چوونە دەرەوەم نەبوو، پارەی ئەوشتانەم نەبوو، تاگەیشتم بەوەی لە شەشی سەرەتایی یا یەكی ناوەندی بوو قورئانم خوێند، ئیدی جەژنان هەندیّ جار كە ئەچووم قورئانم دەخوێند لەسەر گۆڕەكان دوو سیّ دینارم پەیاكرد، ئیتر لەوەوە من ڕزگارم بوو. لە دوو یا سێی ناوەندی هێدی هێدی فێربووم و جەژنان دەچووم لەسەر مردووەكان یاسینم ئەخوێند و دوو سیّ دینارم پەیاكرد، لەسیّ دینارەكە كەمێكم ئەیا بە خوشك و براكانم و خۆشم جەژنم پێدەكرد.


**لڤین : تۆ بەخۆشتەوە نەوەستاویت و لەسەر هاورێكانیشت قسەت كردووە منالّی ئەوان و پەیوەندی ئەوان بە باوكیان بەشێكی زۆر و پانتاییەكی فراوانی چیرۆكەكانتی گرتووەتەوە لەوانەش دكتۆر فەرهاد پیربالّ ؟**

شێرزاد حەسەن : نا پەیوەندی نییە ، نا ، نەخێر، نەخێر. بەهیچ شێوەیەك، ڕاستە باوكی ئەو (( واتە فەرهاد پیربالّ )) قەسابە و لەچیرۆكی ((*لوزان*))دا لەو كەسایەتییە ئیستیفادەم كردووە، بەس باوكی د.فەرهاد قەسابێكی زۆر میهرەبان بوو، بڕواناكەم شەقازلەیەكی لێدابێت، نەخێر ئەو لەوێدا تەنها وەكو پیشە قەسابە ئەگینا ئەوە باوكی منەو وێنەی باوكی منە، وە ئەو كەسە منم فەرهاد نییە، هەرگیز.. بەس كاتی خۆی ئەوە وەكو نوكتەیەك شێركۆ بۆی گێڕامەوە، كاك شێركۆ بێكەس وتی ئەو خزمەی تۆ زۆر سەیرە كەلە فەرەنسا ئەخوێنیّ، زۆرجار لەگەلّ كچێك باسی چوارپارچەو پێنج پارچەی كوردستانی كردووە ئیتر ئەویش لێی بێتاقەت بووە. دیارە ئەمەم لەكاك شێركۆ بیست و ئەوسا فەرهاد هەر لە پاریس ئەیخوێند، من ئەمەم لە فەرهاد نەبیستووە ئیتر من چیرۆركی لۆزان لە مێشكمدا تەقییەوە، كە بیریش دەكەمەوە وایدەبینم هەر تاكێكی كورد، هەریەك لە ئێمە پێنج شەش پارچەیە، ڕەنگە هەریەك لە ئێمە وەكو خاكەكە چۆن لەتوپەتە خۆشمان لەناوەوە لەتوپەتین، هەستدەكەم هیچمان كۆ نین، ئینسانی كورد هەمیشە پارچەپارچە كراوە لەناو حیزب، لەناو خێزاندا، لە هەموو جومگەكانی كۆمەلاّیەتی و سیاسی و ژیانی ئێمەدا، بڕوام وایە هەمووی لەتوپەتە بۆیە قەناعەتم وایە ئەو كەسایەتیە كەسایەتی باوكی فەرهاد نییە وكەسایەتی باوكی منە، دەكریّ من باوكم زۆر خۆشبویّ تا ئەو حەدەی كە ئازاری داوم و دواجار هەر باوكە چونكە ئەویش قوربانی دەست كۆمەلگا و ژینگە و دەوروبەرێك بوو، دیارە باوكم ئەگەر بیزانیبایە خۆشەویستی چییە ئەیدا بەمن، لەوانەیە خۆشەویستییەكی زۆرگەورەشی هەبوبیّ بۆ من و نەیزانیبێت بمداتیّ. دیارە لە كلتوری ئێمەدا دلڕەقی جۆرێكە لە خۆشەویستی، ئەو وەختە باوكم لێیداوم یا دایكم لێیداوم بە قەناعەتی خۆیان من ڕاستدەكەنەوە چونكە پڕم لە چەوت و چێلّی و ئەیانەویّ وەك بەنی ئادەمێك دروستم بكەن. من بڕوام وایە لەو چیرۆكانەدا دلڕەقی من نییە بەرامبەر باوكم بەلّكو سیستمی پاتریاركی، سیستمی باوك سالاریی و سیستمی نێرسالارییە كە ڕەگ و ڕیشەی ئەگەڕێتەوە ناو

ئایین و کەلتوری ئێمە بە ڕادەیەك من بڕوام وایە گەر یەكێك وابزانێت من لە حەساردا یان لە ئیزرائیلدا یان لەو چیرۆكانەی ترا باسی باوكی خۆم دەكەم زۆر بەهەڵەداچووە، ڕاستە باوكی كوردی لەناو خێزاندا، مەلا لە مزگەوتدا، مامۆستا لە پۆلدا و سكرتێری حیزب لای من هەر هەموویان لە باوك دەچن بەڵام ئەو باوكەی وەك فرۆید دەڵێت " دەبێ ئەو خودایە كێ بێ جگە لە درێژكراوەی وێنەی باوك " ترست لە باوك ترس لەباوكی ناو خێزان ترس لە مامۆستا ترس لە مەلای مزگەوت ترس لە قەشە بەسە بۆئەوەی ئەو ترسە لە منالییدا ئەوەندە گەورەبێ ئیتر بە جۆرێك لە زەینی تۆدا خودایەك دروستدەكات بۆیە من ئەو ڕستەیەی فرۆیدم زۆر خۆشدەوێ كەئەڵێ "خودا ئەبێ كێ بێ جگە لە درێژكراوەی ترسی تۆ لە باوكت " دیارە باوك بە دیوە ڕەمزییەكەیدا، هێرشی من بۆسەر باوك هێرش نییە بۆسەر باوكی من و باوكی تۆ بەڵكو هێرشە بۆسەر سیستمێكی ئەخلاقی و كۆمەڵایەتی و سیاسی كە لەسەر خەساندنی ئێمە ئیش دەكا، لەسەر زەلیلكردن و سوكایەتیكردن بەئێمە ئیش دەكا، لەسەر سەندنەوەی ویست و ئیرادە لە ئینسانەكان.

ڕاستە مێژووی كورد سەد ساڵ جەنگانی تیایە بەڵام بە درێژایی مێژووی كوردیش پرۆسەی خەساندن وەك كۆمەڵگایەكی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی بەردەوام ئیشی كردووە و دەتوانم بڵێم سیستمی كۆمەڵایەتی و ئابوری ئێمە تائێستاش سیستمێكی كشتوكاڵییە، شوانكارەییە، بۆیە ڕاستە ئێمە ئێستا لە ناو ئوتێلێك دا قسە ئەكەین بەس ئەو ئوتێلە هیچی لە ئەخلاقی ناو ئێمە نەگۆڕیوە، یەعنی مەدەنیەت نەهاتۆتە ناو ڕۆحمانەوە، گۆڕانی سیستمەكان بەشەو وڕۆژێك دروست نابێت.

پانتایی كۆمەڵایەتی لە چیرۆكی مندا یەكجار زۆرە، ئەو باوكەی من باوكێكی عەجیب نییە و لە ئەستێرەیەكی ترەوە نەهاتووە، من هەستدەكەم باوكی ئێوەش كەم و زۆر ئەم كەسایەتییەی تیایە و بەجۆرێك لە جۆرەكان باوكی هیچمان ئەو نموونە جوانە نەبووە بەڵام نابێت ئەوەندە دڵڕەقیش بین تێنەگەین لەوەی ئەوانیش بۆ خۆیان قوربانی بوون، سیستمی دیكتاتۆرییەت یا تۆتالیتارییەت یان خێزانی پاتریاركی هەمیشە چەوسانەوە دروستدەكات و ئینسانی زەلیل و ترسنۆك دروستدەكات، كەسایەتییەك دروستدەكات كە پێی دەڵێن كەسایەتی سادی/ ماسۆشی یەعنی هەم حەز دەكا ئازاری خەڵك بدا و هەم حەزیش دەكا ئازار بچێژێ، ئێمە زۆربەی كەسایەتیەكانمان ئەم جۆرە نمونانەی تیایە بۆیە ئێمە زۆر كەم كەسی ساغ ئەبینین، مامۆستا حەزدەكا قوتابی بچەوسێنێتەوە، مێردە ژن ئەچەوسێنێتەوە و ژنیش منالەكان، یەعنی بڕوادەكەم هەرەمی خێزانی و هەرەمی سیاسی و جومگە كۆمەڵایەتیەكان هەمووی لەسەر چەوساندنەوەی ئەویتر ئیش دەكا، كۆی ئیشەكانم هێرشێكی زۆر گەورەیە بۆ سەر سیستمێك كە دەكرێ كۆی سیستمی ئەخلاقی ئێمەی داگیركردبێ كە سیستمێكی تاسەر ئێسقان ، باوك سالاری و نێرساڵارییە و هەركەس بۆ خۆی خودایەكە لەو مەیدانەدا.



**من لە بێ گیرفانی و لە بێ پارە و پولی و لە تەنیایی خۆمدا فێری خوێندنەوە بووم ، جەژنان دەچوم لەسەر مردووەكان یاسینم دەخوێند و دووسێ دینارم پەیا دەكرد ، كەمێكم دەدا بە خوشك و براكانم و خۆشم جەژنم پێ دەكرد .**